بنەماڵەی مهاباد و جوانەی کوژراو لەبنەماڵەی بکوژ خۆش دەبن

ئا/ هانا شوان

رۆژی ١٩٩٩/١/١٣لەسلێمانی کچێك بەناوی مهاباد عبداللە فرێندراو پاش سێ رۆژ تەرمەکەی دۆزرایەوە، رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٣ دوو خوشکی مهاباد دەرفێندرێن و شەوی هەمان رۆژ ناسك فرێ دەدرێت و رۆژی٢٠٠١/١٠/١٧ یش تەرمی جوان فرێ دەدرێت لەنزیك سەرچنار لە ڕێوانی ژمارە(١٢)ی رۆژی ١/ ٢٠٠١/١١ هەواڵەکە بەمشێوەیە بڵاوکراوەتەوە.

لەئەنجامی بەدواداچون و لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە مەلەفی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی جوان و مهاباد لە پۆلیسەوە دەبرێتە ئاسایش، سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان لەسەر مەسەلەی کوشتنی (جوان) نامەیەکی کراوە ئاراستەی بەڕێز مام جەلال دەکات و لەنامەکەدا هاتوە"خودی بەڕێزت چاودێری ئەم مەسەلەیە بکەیت، بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك دەستێکی مەبەستدار کاریگەری لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە نەبێت بەمەبەستی گەیاندنی بە ئاقارێکی تر وەك لەمەسەی تیرۆرکردنەکەی (مهاباد عبداللە)ی خوشکیدا رویدا" لە ڕێوانی ژمارە(١٣)ی رۆژی١٦/ ١/ ٢٠٠١دا نامەکە بەم شێوەیە بلاوکراوەتەوە.

سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان لە هەوڵی بەردەوامدا بوە لەبەدواداچون و پەیوەندی کردنەوە بۆ ئەوەی نوێترین زانیاری و هەواڵ بەدەست بخات سەبارەت بەبەدواداچونی دەزگا پەیوەندیدارەکان و لێکۆڵینەوەیان لە کوشتنی جوان لە ڕێوانی ژمارە١٦ی رۆژی سێ شەممە ٢٠٠٢/١/١ و لەژێر مانشێتی (لەپێناو دەستگیر کردنی تاوانباراندا هەوڵەکان بەردەوامن) نوسراوە"بەروە دادگایی کردنی بکوژانی مهاباد و جوان عبداللە".

بەپێی ئەو هەواڵانەی لەچەند سەرچاوەیەکی جیاجیاوە بلاوبۆتەوە وا چاوەروان دەکرێت لەداهاتویەکی نزیکدا بکوژانی مەهابادو جوان عبداللە ئاشکرابن ئەوە وەهەواڵەیە کەلە لاپەرە(١)ی ژمارە (١٩)ی ڕێوانی رۆژی٢٠٠٢/٢/١٦دا بلاوبۆتەوە و هەردو رەسمی جوان و مەهابادی لەگەڵدا بلاوبۆتەوە.

بکوژی مەهاباد عبداللە ئاشکرا دەبێت و دان بەتاوانەکەیدا دەنێت و خەسرەوگوڵ محمد بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم لە لێدوانێکیدا بۆ ڕێوانی ژمارە٢٠ی رۆژی هەینی ٢٠٠٢/٣/٨دەڵێت "شەوی ١٣-١٤-١٠-٢٠٠١ ناسك کە پێشتر لەگەڵ جوانەدا رفێنرابوو، دواتر تەرمەکەی جوانە فرێدرابوو، ناسك لەگەڵ برایەکیدا سەردانی ئاسایشی کردو باسی لەرووداوی رفاندنی خۆیو خوشکێکی کرد بەناوی جوان کە تا ئەو کاتە نادیار بوو، بەڵام بەداخەوە پاش سێ رۆژ تەرمی جوانیش دۆزرایەوە، ئێمە پێشتر زانیاریمان هەبوو لەسەر بکوژی مهاباد عەبدوڵا بەڵام بەڵگەی تەواومان نەبوو، لەهەمان کاتدا چەند شایەتێکیش زانیاری نادروستیان پێدابووین. پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردو نهێنیو دەستگیرکردنەوەی شایەتەکانی پێشوو هەروەها روبەڕووکردنەوەی سالح مزەلی کە ئێمە پێشتر زانیاری ئەوەمان هەبوو لەسەر ئەوەی کە پێدەچێت ئەو بکوژی مهاباد بێت، تاوانباریش دانی بەتاوانەکەیدا نا کە مهابادی کوشتووەو لەئەنجامی لێکۆڵینەوەشدا چەند زانیارییەکی لەسەر بکوژی جوان ئاشکراکردووە. ئێمە دوبارە جەماوەری خۆشەویست ئاگادار دەکەینەوە کە هەمیشە پاسەوانی ئاسایشینو هەموو تاوانبارێك بەسزای خۆی دەگەیەنین"

هەر لەهەمان ژمارەداو لەلاپەڕە (٥)ی (ڕێوان)دا ڕیپۆرتاژێك بڵاوکراوەتەوەو لەبرگەیەکیدا هاتووە دۆسیەی لێکۆڵینەوەکان: وەك لەدۆسییەی لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە لەدوای دۆزینەوەی تەرمی مهاباد، ساڵح دەستگیر دەکرێت، دواتر دەکەونە سۆراخی ئەو ئوتومبێلەی گومانی لێکراوە، پاش ئەوەی نکوڵی لەبوونی دەکەن بەفشاری پۆلیس لەگەراجی ماڵێکدا دەدۆزرێتەوە، لەناو ئوتومبێلەکەدا ئەڵقەی زنجیرێکی ئاڵتون دەدۆزرێتەوە، خاڵی مهاباد کە زەرەنگەرە دەیناسێتەوەو دەڵێت خۆم بۆم چاککردۆتەوە، تاڵە قژی ژنێك دەدۆزرێتەوە، پارچە شوشە لەبەرگی دەرگای سەیارەکەدا دەدۆزنەوە کە هاوشێوەو جۆری شوشەکانی ناو سنگی مهاباد دەبێت، جێگەی کونێك لەدەرگاکەدا دەدۆزنەوە کە لەناوەوە بۆ دەرەوە تێیکراوەو (جێگەی فیشەکە)و بە (مەعجون فایبەر) چاککراوەتەوە، دۆزینەوەی پەڵەیەکی رەش کە ئەگەری ئەوەی لێکراوە پەڵەی خوێن بێتو ژمارەی سەیارەکەش تەزویر کراوە، ئەمە وێرای ئەوەی کەسوکاری ساڵح بەڵێندەدەن کە مۆڵەتی دوو رۆژیان بدەنێ مهاباد دەگەڕێننەوە لای کەسوکارەکەی، هەروەها دوای پشکنینی (مەعرەزی سەیارەی ساڵح) ژمارە راستیەکەی ئوتومبێلەکە دەدۆزرێتەوە، هەروەها لەئیفادەکانی جواندا هاتووە کە رۆژێك بەر لەدیارنەمانی مهاباد لەلایەن ساڵحەوە تەلەفونی بۆ کراوەو ئەو رۆژەش بەر لەوەی بچێتە دەرەوە دوبارە تەلەفونی بۆ کراوەو مهابادیش بەتورەیی لەماڵ دەچێتە دەرەوە.

لەدادگا چی رووید ا

لەرۆژی دادگایی کردنی ساڵحداو لەبەردەم دادگادا دەبێتە تەقە، ئاری عەبدوڵا لەم بارەیەوە دەڵێت "ئێمە وەك هەر کەسێکی ئاسایی رومان لەدادگا کرد، بینیمان دەوری دادگا بەچەکدارو کەسوکاری ساڵح گیراوە، کە هاتینە خوارەوە تەقەیان لێکردینو ئاواتی برامو کوڕی خاڵێکمو حەماڵێك برینەدار بوون"

ئاماژەدان بە روداوەکانی پێشتر ئامانج لێی دروست کردنی باکگراوندێکە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت پێشتر چی رویداوە ئەو ئاماژەدانە بە ئامانجی زانینی باگراوندی ئەو سوڵحەیە کە باسی لێوە دەکرێت بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتیە دیارو سەرۆک عەشیرەتەکان ئەنجامدراوەو لەو سولحەدا بنەماڵەی مەهاباد لەبەرانبەر برێک پارەدا لە بکوژی مەهاباد کە ئێستا لە زیندانداید ە خۆش دەبن.

(فەتاح ئەحمەد)

برای ساڵح ناسراو بە (ساڵە مزەلی) ئەو هەواڵەی پشت راست کردەوە و ووتی" "بەڵێ سوڵحەکە کراوە و ئێمە داوامان لە بنەماڵەی مەهاباد کردوە سوڵح بکەین و دەمەوێت ئەوەش روون بکەمەوە کە ساڵحی برام تەنها کوشتنی مەهابادی لەسەرە و نازانین جوانە کێ کوشتویەتی، بەڵام ئێستا هەردو بنەمالە ڕێککەوتوین و کێشەکەش تەواوبووە" هەروەها دەڵێت"ئێمە داوامان لەو کەسانە کرد لە سوڵحەکەدا بن و لەسەر هەموو شتێك ڕێککەوتین و دواجار هاتینە ئێرە" مەبەستی فەتاح لە ئێرە مەکتەبی کۆمەڵایەتی یە و سەبارەت بەو هاتنەش دەڵێت" ئێرە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەڕێز مام جەلال کردویانەتەوە و جێگەی متمانەی خەڵکە ئێمە ڕۆژی ٣١/٥/ ٢٠٠٦ بە ئامادەبونی برای مەهاباد و کەسایەتی و سەرۆك عەشیرەتەکان تەصدیقی سوڵحەکەمان کرد"

کەسێکیش لەبنەماڵەی مەهابادمەسەلەی سولحەکەی پشت راستکردەوەو ووتی"بەشێوەیەکی عەشایەری سوڵحەکەمان کردو ئەوەش پاش ئەوە دێت کە بنەماڵەی ئەوان کەسێکیان ناردۆتەوە دەرەوە کە قەناعەت بە خوشك و براکانی مەهاباد بکات چونکە ئەوان زۆربەیان لە هەندەرانن ئەوانیش قەناعەتیان کردوە هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "ئەوان لەبەر ئەوەی تەنها ئاری برایان لێرەیە بۆیە ئەو سوڵحەیان کرد دەشزانن کە ئەوان بنەماڵەیەکی فراوان و دەسەڵاتدارن و ئاری برای مەهابادو جوانیش کەسێکی تەنهاو بێ دەسەلاتە" عومەر عەبدولکەریم لێپرساوی بەشی راگەیاندنی مەکتەبی کۆمەلایەتیە ئەو جەخت لە گرنگی مەکتەبی کۆمەلایەتی دەکاتەوە لەیەکلاکردنەوەی کێشەکان و باسیش لەوە دەکات کەلەکۆمەڵگای ئێمە مەسەلەی سولح کارێکی ئاساییە" مەروانە سەهۆڵکە و هەندێك شوێن ئێستاش لە سلێمانی گەرەکی وا هەیە تیایدا (هێز) کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە" ئەو پێی وایە یاسا بەتەنها ناتوانێت کێشەکان یەکلایی بکاتەوە یاخود فەتوا" بە بەڵگەوە دەڵێم زۆرن ئەو کەسانەی زۆر خۆیان بەرۆشنبیر دەزانن بەڵام چارەرێ ناکەن یاسا کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات" ئەو باس لەگرنگی سوڵح کردن دەکات و بەنمونە رووداوێك دێنێتەوەو دەڵێت "حاڵەت هەبوە کەسێك کەسێکی تری کوشتوەو بەپێی یاسا حوکم دراوە بەڵام هەر بەربووە کوشتویانەتەوە"

سەبارەت بەمەسەلەی سوڵح لەنێوان هەردوو بنەماڵەی مهابادو ساڵە مزەلیدا عومەر عەبدولکەریم دەڵێت "ئەوان کاتێك هاتن سوڵحەکەیان کردبوو بەپارەو لەسەر داوای بەشداربووانی سوڵحەکە دواکۆبونەوەیان هێنایە ئێرەو ئێمە پێمان وایە کارەکانی مەکتەبی کۆمەلایەتی دژ بەیاسا نییە" هەروەها دەڵێت "کاتێك کێشەیەك دێتە لای ئێمەو ئێمە سوڵحی بۆ دەکەین ئاگاداری بۆ هەردوو بنەماڵەکە دەنێرین، بەڵام لەم کێشەیەدا کەسمان ئاگادارنەکردووەتەوەو خۆیان هاتونەتە ئێرە".

مافناسێك رووە یاساییەکەی سوڵح روندەکاتەوەو دەڵێت "سوڵح جۆری هەیە، هەندێکی لەقۆناغی سەرەتایی لێکۆڵینەوە دەکرێتو ئەگەر سەرپێچی بێتو مافی گشتی تیادا نەبێت، دەکرێ لێکۆڵینەوە رابگیرێو سەرپێچیکار بەرەڵابکرێت، یان کێشەکە دابخرێت، هەندێك جاریش هەواڵە دەکرێو لەدادگای تایبەتمەنددا کێشەکە کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەگەر سەرپێچی بێت بەمەرجێ مافی گشتی تیادا بێت، ئەوا لەگەڵ سوڵحدا سەرپێچیکار سزا دەدرێ، بەڵام دەبێتە هۆی سوککردنی سزاکە، بەڵام لەکاتی تاواندا کە مادەکانی بۆ نمونە ٤٠٥-٤١١ دەگرێتەوە، کوشتن یان کوشتنی بەئەنقەست یان نیازی کوشتن، یان کوشتن بەئیهمال یان بەهەڵە، سوڵح ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە تەنیا بەنیسبەت کەسوکاری تاوانلێکراوو تاوانکار بۆ نەمانی کینەو تۆڵەیەو بەڵام ئەمە وەك مافی تایبەتو کەسیی، بەڵام مافی گشتی لەم کاتەدا کە مافی کۆمەڵەو هەر ئەمێنێتو ئەو سوڵحە ئەگەر پێش بڕیاری کۆتایی بکرێت، دەکرێت شتێك لەسزاکە سوك بکات، ئەگەر دوای بڕیاری کۆتایی بکرێت هیچ ڕۆڵێکی یاسایی نیە، بەڵام ئەم سوڵحە سودی لێوەردەگیرێت ئەگەر بەر لێبوردنێکی گشتی بکەوێت، بەمەرج بۆ نمونە هەندێك جار لەلێبوردندا دێت ئەگەر کەسی کوژراو خۆش بوو پاش مەحکومیەت ئەوا مەحکومیەتەکە کەم دەکرێتەوە یان بەرەڵادەکرێت، ئەوەش وەستاوەتە سەر جۆری مەحکەمەکە، هەندێك حوکم هەیە هیچ لێبوردنیك نایگرێتەوە، بەڵام لێبوردنی تایبەتی دەکرێ مەرجدارێتو دەکرێ رەهابێتو سوڵح ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێت".

ئەو سەبارەت بە جۆری لێبوردنەکان واتە لێبوردنی گشتیو تایبەت دەڵێت "ئەوە دەسەڵاتی سەرو ئێمەی قەزایە، لێبوردن کارێکی پیرۆزەو لەهەموو جیهاندا باوە لەکاتی بۆنە نیشتمانیو گۆڕانکاریو شۆڕشو گرتنە دەسەڵاتو.. هتد مەبەست لێی گەڕاندنەوەی بەندکراوەکانە بۆ ناو کۆمەڵو بەخشینی فرسەتێکی نوێیە پێیان، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ڕوودەدات ئەوەیە بەرژەوەندی چینێك یان کەسێك دەپارێزرێ. بەڵام هەندێ جار بەهۆی قەرەباڵغی گرتوخانەکانەوە لێبوردن دەردەکرێ کە ئەمە کارێکی باش نیە چونکە تاوانبار پێویستە کاتێك لێبوردنی بۆ دەربکرێت کە ماوەیەکی لەزیندانداە بەسەربردبێت، هیوای چاکبوونو گۆڕانی لێبکرێت، ئەگینا بەپێچەوانەوە زەرەری هەیە بۆ کۆمەڵگەو خودی ئەو کەسەش. لێبوردن پێویستە بەڕاوێژو بیروبۆچوونی کەسانی پسپۆڕو کۆمەڵناسو دادوەرو چالاکانی بواری